# وەزیری دەرەوە وهاوتا بەحرەینییەکەی تاوتوێی کارنامەی سی و سێهەمین لوتکەی عەرەبیان کرد

فوئاد حسێن، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری کاروباری دەرەوە بە عەبدولەتیف بن ڕەشید ئەلزەیانی هاوتا بەحرەینییەکەی تاوتوێی کارنامەی لوتکەی عەرەبیان کرد کە بەیارە مانگی داهاتوو لە بەحرەین بەڕێوەبچێت.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی وەزارەتی دەرەوە لە ڕاگەیەندراوەکدا بەاویکردەوە" فوئاد حسێن، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری کاروباری دەرەوە پێشوازی لە عەبدولەتیف بن ڕەشید ئالزەیانی، وەزیری دەرەوەی بەحرەین لەبەغدا کرد. و لە سەرەتای دیدارەکەدا ئەلزەیانی سەرەخێشی خێی ئاراستەی وەزیری دەروەی کرد بەبەنەی کێچی دوایی هاوسەرەکەی، هاوخەمی دەسزانە بە خێی و بنەماڵە بەڕێزەکەی دەربڕی، لە خودای مەزن داوای کرد کە کێچکردوو بە بەرەحمەتی خێی بخات.

لای خێیەوە وەزیری دەروەی سوپاس و پێزانینی خێی بە هاوتا بەحرەینییەکەی دەربڕی بە سەرەخێشی و هاوخەمی.

هەروەها لە میانی کێبوونەوەکەدا پێیوەندییە دوو قەییە برایانە تاوتووکران کە هەردوو وڵاتی برا بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ڕێگاکانی بەهێزکردن و پەرەپێدانیان بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بکات. کارنامەی سی و سێهەمین لوتکەی عەرەبی کە بەیارە مانگی داهاتوو لە

بەحرەین ساز بکرێت خرایەە بەر باس و لێکۆڵینەوەە، چونکە سازکردنی هاوکاتە لەگەڵ بوونی چەندین تەحەدا.

هەروەها وتی: لەم بارەیەوە وەزیر جەختی لەوە کردەوە کە عێراق هەوەدەدات لەم لوتکەیەدا ڕۆڵی کاریگەر هەبێت و کاردەکات بە بەدیهێنانی هەماهەنگی ئاست بەرز لەگەڵ برایانی عەرەب بە سەرخستنی لوتکەکە. هەروەها هەردوولا باسیان لە پێشهاتەکانی ناوچەکە کرد، بەتایبەتی ڕووداوەکانی ئێستای غەززە و بەردەوامی هێرشەکانی دەسەڵاتی داگیرکەر بە سەر خاک وخەڵکەکە سڤیلەکەی، هەردووکیان لەسەر پێویستی چەکردنەوەی هەوڵە هاوبەشەکان بە بەدەستهێنانی سەقامگیری لە ناوچەکەدا کەک بوون.